نووسینی:
**کەمال ڕەووف هەنجیره**

# چیرۆکی:
# ((شیوی ترشانه یا دۆڵی قوڵتەکان))

دانایەمە دەم شیوەکە تاکو کامێرائاسا چاوێک بەسەر ئەو پەڵە ترش و لاقەدپاڵە ڕەنگینەی باری پشتیەوە نەگێڕم. بەو ساتە گوزەرکردنەش یەکەم پاڵەوانی ئەستێڵ شلەقێنەری ماڵی شێخم دێتەوە یاد. خاکوخۆڵی کەن و قەدپاڵەکە ڕووتەنییە، ناوەناوەش سپی و ڕەش، یاخود خاکییەکی تاریک. بە باری خوارەوەشیدا دەتگوت پەلکەزێڕینەیە زۆرینەی ڕەنگەکان هاوشانی یەک وەک تەون تەنراو بوون... سروشتی خاکەکەی لە پاشەڕۆکی سووتاو و خۆڵەمێشێکی تەڕ دەچوو، بگرە لە زۆر لاوە لە گەچیش توندتر. ڕووتەنێکی چەند گوریسی شینایی تێدا سەوز نەدەبوو. دەڵێی بەتایبەت بۆ جێچینەی کەنەسمە خولقێنراوە.

کەنسمەکان هێندە دڵنیاییان لەلا دروست بووبوو، لە هیچ نەدەسڵەمینەوە. لە داهاتنەوە و فڕیندا پۆلیان دەبەست. ئەو خاکە ڕەنگینە تەنانەت بۆ گڵەبان و گڵگەچیش دەستیان نەدەدا، بەڵام سەردەمێک لەوەوبەر مامەلی، بە چاوقایمی و لاساری، بارێک؛ دووبار گڵی لێ گرتبووەوە و ئەو بەرهەیوانەی دارەڕاکەی هەڵگێڕابووەوە، پێی سواغ دا... هەر ئەوەندەی وشکایی گەیشتێ، ئەو بەرهەیوانە دەتگوت بەرگی فسفۆڕی پۆشیوە، ئەو لە دوور و نزیکەوە شەوقی دەدایەوە. لەو ساتەوە ئەو خاک و خۆڵە چەند گوریسیە پیرۆز کرا.

لەم دەم بۆ ئەو، لەم گوند بۆ دوورتر هەواڵی پرشنگداری بەرهەیوانی مامەلی ڕۆیشت. هاوینانیش دەست و پەنجەی مامەلی لە دەستەوانەدا بوو. بە هەزارەها ماچ و فرمێسکی نزا تەڕ کرا. هەرچی وشکە و تەڕە هەیە بە دیاری لە کونجێکی ئەم بەرهەیوانەدا پەسێرا. خوێنی چەندین ڕەشەوڵاخ و ماڵیات و باڵندەی ڕەنگینی لە بەردەمدا پژێنرا... مامەلی لە تەمەنی لاوێتیدا ئەمەی نەکرد، دەنا بە دەستە خونچە کچانی پێشکەش و مارە لێدەبڕا. تاکو ئەو ڕۆژە تامەزرۆی حەشارگەیەک بوو، کە مردیش حەساری باڵا زەلامی بۆ هەڵبەسترا.

ئای مەلا کۆلکەخوێنەوارە سەر ڕەقەکان چەند سەرگوزشتە و درۆ و بوختانیان بەو چەند گوریسە خاکەوە هەڵبەست، یەکێک لەوانە: گوایە پێی ئەسحابەی پێغەمبەری گەیشتۆتێ، لە شوێن پێکانیانەوە نوریان تێکەڵی ئەو خاک و خۆڵە بووە و، تاکو ڕۆژی حەشریش هەر ڕووناکی دەداتەوە. ئەو کانیاوە پلوسکەئاوییەش فرمێسکی غوربەت و ئارەقەی ماندوویەتیی ئەوانە، بۆیە هێندە شیرین و سازگارە. لەو دەمەوە بەریان بە ئەستێڵگێک گرت و بووە سەرچاوەی ئاوی تایبەتی ماڵی شێخ، تەنها بەویان ڕەوا دەبینی، ئیتر چ قووەت بێت دڵ و دەستیان ئەوەیان بداتێ لە دوو سێ لۆچ زێدەتری لێ هەڵلووشن، ئەویش بە مەرامی پەڕاندنی دەرد و دووی دەردەداران دەشێت. بەڵام لە گەرمەی چلەی هاوینێکدا بوو، کوڕە یەکەڵە چاوەی گوڵکەوان گوڵکەکانی کەوتنە مۆزە. هە لێرە و هە لەوێ بە هەڵەداوان وەدوویان کەوت... لەتاوا خۆیان کردە ناو پەڵە ترشەکە، بە گەیشتنی بڕستی لێبڕابوو، نەدەکراش چاویان لێ غافڵ بکات... ماندوویەتی و گەرما تەواو قوڕگیان وشک کردبوو. هەناسەسوارییەکەی نەدەڕەوییەوە.. تووینێتیش تەوژمی بۆ هێنا... ئەوەندەی لە پلوسک و ئەستێڵگەکە ڕوانی دەتگوت ژنی بێزوکەرە و دەرکی جامخانەی لیمۆفرۆشەکەی لێ کڵۆم دراوە. بەزۆر قنگی لەسەر بەردێک دایەوە. جارجارەش بە چاولێکردنێکی ئەو لاقەدە ڕەنگینە هەموو ئەو حیکایەت و باسوخواسە پیرۆز و ترسناکانەی لێوەی بیستبوون دەهاتنەوە یادی، دەبوونە چامەی هەموو بێتواناییەکی. ئەوەندەی نەبرد لەناکاو کوتەکەکەی تووڕدایە لاوە و لەبەرخۆیەوە گوتی: مەرج بێت ئەگەر چاوەکەی تریشم لەسەر دانابێت، ئەوەندە ئاوت لێ بخۆمەوە تاکو میز بە خۆمدا دەکەم. بێ گوڕبەستنەوە تاوی دایە خۆی و لە بان بەستەڵەکەکەی باری ڕاستەوە خۆی هاویشتە ناوەندی ئەستێڵگەکە، بەو شڵپەشڵپەش هێشتا گیانی ترس تاکە چاوەکەی لە دەوروبەری پێنەبڕی... هێدی هێدی دڵنیایی هەموو گیانی داگرت، ئەوسا سەری تێژەنی و بە یەک وچان لەوەیە پتر لە کیلۆیەک ئاوی خواردبێتەوە... هەناسەدانەوە قووڵەکەی جێی تەواوی بۆ ئاوەکە سازکرد... پاش سێ و چوار هەناسەی تری نیمچە هەنسکەبڕکییەک کەوتە سەر سەکۆی دڵنیایی تەواو، و بە نوقومکردنی هەموو لەشی ئۆخەی کرد... هێشتا نەیدەوێرا بەتەواوی دەستبەرداری درۆ هەڵبەستراوەکانی ناو ئاوایی بێت. لەو بڕوایەشدا بوو بۆ هەرکەسێکیشی بگێڕێتەوە بڕوای پێ ناکات.

بۆیە کەوتە سەر ئەو بڕیارەی ڕۆژێکی تر کە سبەینێ بێت بە بەرچاوی هەموو کوڕگەلی ئاواییەوە ئەم خۆهاویشتنە دووبارە بکاتەوە. هاتنەخوارەوەی میزەکەی لە هەموو خەیاڵ و بڕیار و نیمچەترسێک دابڕی و کەوتە سەر بیرکردنەوەی بینینی میراوەکە نە خێوە و نە شێخیشە، بەڵام زەبری هەڕەشە و گوڕەشەی لە قسە هەلەق و مەلەقەکانی مەلای گوندەکەیان تۆقێنەرانەتر بوو، بۆیە بەبێ چرپە چاوێکی بەسەر توولەڕێی هاتوچۆی سەر ئەستێڵگەکە تاکو داوێن شۆڕ کردەوە... بە نیگایەک چاوی گێڕایەوە پاشی تاکو بزانێت ئەستێڵگەکە وەک شڵەقاوە تەواویش لێک بووە!! گوڵکەکانی بەرەو سەراوی شیوەکە دایە پێش.

دەبووایە نێوان ئەو دوو چیا دەمەولێژە زارکراوەیە ناوی دۆڵی قوڵتەکان بووایە، ئەمبەر و ئەوبەری دەم کەلێنی چیاکە دوو کاوی سەربڵند و سەخت لە یەکتریان دەڕوانی لەوە دەچوو قاژە قاژی ئەو دوو دەستە قوڵتەیەی کاوەکە پورە و هێلانەی لە جۆرەها باڵندە و گیانلەبەری تر حەرام کردبێت، مەگەر بە ڕێوێڵی مەلێک بەو نێوەدا گوزەر بکات دەنا وەکوو تر چۆڵوهۆڵە. ئەگەر بهاتایە و ئەو کاو و کەلێن و کانیاوە بەو سەختی و قەدبڕی و سازگارییەوە لە هەر کوێیەکی تر بووایە، دەبووە جێی قۆناغ و پشووی چەندین باز و شاهۆ و پورەهەنگی تر. بەڵام هەر لەگەڵ سەحەردا ئەم لەبەر دەنگی ئەوبەر، ئەو لە وەڵامی پڕ بە ڕقی ئەمدا بە جارێک ئەو شیوە دەنگی دەدایەوە. هەردوولاش بە دەستە بە دەنگ و ڕەنگ و ڕوواڵەت لێک دەچوون. بە شاتەشات و بزێوی و قونەقون و باڵەفڕەشدا تەنها چەپ و ڕاستیان جودا بوو. تەنانەت لە ئاوخواردنەوەشدا پێکەوە نەدەچوونە سەر کانیاوەکە، هیچیشیان چاویان بەری توولەڕێی کاروانی دامێنی کاوەکەی لای خۆی نەدەبینی، بەڵام ئەی کە بە هەڵپە بوون لە قیرەقیرکردن بەسەر ڕێبوارانی بەرانبەرەکەیاندا...!!!

سروشتی شیوەکەش هەردەیی و تەپۆڵک و گابەردی بوو، هەریەک لەو گابەردانە بە وشکەکەڵەک هەڵچنراو لە ڕۆژانی تەنگانە و قاتوقڕیدا دەبووە جێی حەوانەوەی چەندین خانەوادەی ئاوارە و ماڵوێرانکراو. لەتاو شیرەشیرڕیان نوێژکەریش پەنجەی شایەتمانی لێ تێک دەچوو. کەسیش نەبوو جورئەتی دەمکوتکردنیانی هەبێت، گوایە شێخی ئاغا فەرمانی داوە: لێیان گەڕێن با ئەو شیوەش ببێتە مەملەکەتی قوڵتەکان. جا ئەو چ باکیەتی؟! تۆ بڵێی جەنابی شێخ حەزرەتی سلێمان ئاسا لە زمانی خوێندنیان بگات و ئەو دۆڵەیان پێ ڕەوا ببینێت؟! یاخود تۆ بڵێی هێندە دڵنەرم بێت و وەک ئەندامێکی ڕێکخراوی پارێزگاری لە پاراستن و پاکتاوسازکردنی پەلەوەر بیر و ڕەفتار بکاتەوە؟! نەخێر ئەم قوڵتانە بوونەتە هۆی لێبڕانی هەردوو توولەڕێی ئەمبەر و ئەوبەر و سەرچاوەی کانیاوەکەشی نە لێک دەکرێت و نە لێشی هەڵدەهێنجرێت... ئەو دوو دەستەقوڵتەیە، تەنانەت بێچووە لە یەکچووەکانیشیان دەناسرانەوە. بەڵام نە تەمەنی دایکانە و باوکانەکانیان دەزانرا و نە ئاماری ڕاستیشیان بە کەس دەکرا. چوار دەفڕی و سێ دەیخوێند... لەمبەریش پێنج دەنیشتنەوە و سێ بەسەر ئەوبەردا دەیشیڕاند. وایان لێهاتبوو هەر ئەوەندەی لە دامێنی شیوەکەوە سەرقافڵەی کاروانێکیان بەدی بکردایە، وەک سەگی هەوشار دەستەی بەرامبەریان زایەڵەی شیرەشیرڕیان دەکرد بە گژدا. جار هەبووە میراوی ماڵی شێخیشیان هەراسان دەکرد. بەڵام ئەو جورئەتی ئەوەی دەکرد پڕ بداتە بەردێک و بە هەموو تێنێکی تێیان سرەوێنێت، بەو بەردهاویشتنیەش تەنها ڕقی خۆی دادەمرکاندەوە، دەنا نە بەردەکەی دەیانگەیشتێ و نە ئەوانیشی پێ بێدەنگ دەکرا. یاخود لەتاو بێزاری، دەمی بێڵەکەی بە توندی لە قوڕ و بەردی جۆگەلەکە گیر دەکرد و دەنگێکی ناسۆریان لێوە دەهات و ئەوەندەی تر کەللەی دەورووژاند، ناچار لەبەرخۆیەوە بکەوێتە ورتە ورت و جنێودان. وایلێهاتبوو زۆربەی کاتەکانی بەهار شەوانە بە چرایەکەوە کارەکەی ئەنجام دەدا. بەڵام بۆ سبەی پێی دەزانی ئەوی کردویەتی هەمیشە نیوەناچڵە، هێشتا ئەمیانی پێ ئەهوەنتر بوو.

شیوەکە سەرەڕێی گەرمیان و کوێستان بوو، بۆیە کەم کات لە دەنگی لێکدانی ناڵ و بەرد بێبەش دەبوو. ئەم کاروانچیانە گەلێک دەنگخۆشیان تێدا بوو. شارەزایی تەواویشیان لەو قوڵتانە هەبوو. هەر ئەوەندەی دەگەیشتنە دەم داوێنی شیوەکە، ئەو دەنگخۆشەیان دەنگ دەدا، بەدەم ئەو هەورازەوە تاکو لە کاوەکان ئاودیو دەبوون و دەگەیشتنە دەم ترشەکان، ئەگەر هەناسەشیان سوار بووایە یەک وچان نەیاندەبڕییەوە... هەرچەند کەسیشیان لێ حاڵی نەدەبوو تەنها لە وەڕستی دەنگی قوڵتەکان خۆیان پێ قوتار دەکرد. لە هەمووشیان بێزارتر دواکەسی قافڵەکە بوو.

هەر هەموو ئەو شاتەشات و قڕەقڕە لە کۆتاییدا بەسەر ئەو و وڵاخەکەیدا دادەباری و دەگیرسایەوە. ئەویش ڕقی خۆی بە نەقیزەتێژەنینێکەوە دەهاویشتە پاشوو و لاڕانی وڵاخەکەی. ئەی دەبێت وڵاخەکە لە بۆن بەردان و تەرس کردنی زێدەتر دەستەڵاتی چی بێت؟! زینویتی مەرگەساتەکەی ئەم شیوە، کوڕە شوانیشی دایە دەم گەردەلوولی دەریا بڕ و نەگەیشتە ئەو ڕۆژەی کە سبەینێیە، تاکو بە بەرچاوی کوڕگەلی ئاواییەکەیانەوە بۆ جارێکی تر خۆ بهاوێژێتە ئەستێڵگەکەی ماڵی شێخی ئاغاوە و پێشانیان بدات ئەوی بووە بە بڕوا و پیرۆز کراوە چ درۆیەکی تەمەندرێژی هەڵبەستراوە!!

تۆ بڵێی دەبێت ئەو کەسە کێ بێت ئەو کاتەی سبەینێی پێ جڵەوکێش دەکرێت و لەبەری ئەستێڵگەکەوە دەمی پێ دەژەنێتە ئاوەکەوە و، ئەویش لەتاو تاموچێژە سازگارییەکەی لێی دەکەوێتە سمکۆڵان و لادیواری ئەستێڵگەکە دەڕوخێنێت و، ئەو شیوە وشکوبرینگە دەکاتە وازاوایکی پڕ تەڕگە و بەراو... بەڵام تاکو هێلانەی ئەمبەر و ئەوبەری قوڵتەکان بەدەم کاوەکانەوە قورپەستر بێت، ئەوا شیوی ترشان هەر ڕوو لە وشکانی و کوێربوونەوەی هەردوو توولەڕێی ئەمبەر و ئەوبەرە و فەرمانەکانی شێخیش دەبێتە دەستوور و شیوی ترشانیش دەگوترێت بە دۆڵی قوڵتەکان.

کاروانچییەکانی گەرمیان و کوێستانکردەش دەبێت جڵەوی سەرقافڵەیان وەرگێڕن و توولەڕێیەکی تر بگرنەبەر. میراوەکەی شێخیش خانەنیشینکراوە، ئەستێڵگەکەش لەبری ڕووخاندنی پڕکراوەتەوە، ئەوەتا بە ئاشکراش لە سەرچاوەی کانیاوەکەوە ئاو گەیەنراوەتە حەسار و تاراتگەی ماڵی شێخی ئاغا..

٢٠٠١/٢/١
ئەڵمانیا

# پیاوێک لە پینە


شێرزاد حەسەن

ئەو داوەبەنە ڕامەکێشە
دەنا هەر هەموو پینەکانم لێک هەڵدەوەشێن
پیاوێکی ڕووت و بێ سیپاڵ
لە ژێر سەد پینەوە
وەک تەنێک لە «عەزاب» دەدرەوشێتەوە
من هەرگیز خۆم نەدیوە بێ پینە
من لە ژێر دەوارێکی پینەدار لە دایک بووم
لەسەر خاکێک کە چوار پینەیە و...
بە هەزار تەقەڵ پێوەی دووراوم
چ منداڵێکی ترسنۆک بووم...
سەروچاوم... کەللەی سەرم... ئازای جەستەم
لە سەد لاوە پینە و پەڵە و... جێ تیغ بوو...
بە دەست مناڵە هارەکانی گەڕەکەوە...
گەڕەکێک کە دەتوت کەچەجلە و... لەوەدایە هەڵوەشێتەوە
چونکێ خودا پەلەی بووە و جەمسەری پینەکانی...
جوان بەسەریەکەوە نەدووریوەتەوە
من هەموو بوونم هەزار شەبەقی تێ کەوت
بە دەست ئەو وەستا دڵڕەقانەی شاگردیان بووم
لە کوچە و کۆڵانی تاریکی قەیسەری و...
بازاڕە زۆر کۆنەکان
لە سەد لاوە ڕۆحی زۆر تەنکی منیان هەلاهەلا کرد
شەوانەش تا درەنگانێ
دایکە کت و کوێرەکەم
بە دەست و پەنجەیەکی لەرزۆکەوە
تەقەڵە بە تەقەڵ پینەی دەکردم و دەیدروویمەوە
ئەو مامۆستا تووڕە و تۆسنانەی
لە بەرد ڕەقتر و... لە ڕەشەبا هارتر و...
لە خەونەکانی ئەوسام ناشیرینتر
ناو لەپی دەستم و... ناو پەڕەی ڕۆحمیان
بە دارحەیزەران زیواڵ زیواڵ کرد
تا هەنووکەش هەر پینەیان دەکەم
ئەو ڕۆژەی شەبەقێک دەدوورمەوە
لە سەد لاوە شەبەقی دیکەی تێ دەکەوێ
من هەر لە ئەزەلەوە کەسیرە بووم
وەک هەوری و شەدە و دەسماڵ و پۆپەشمین
وەک هەر قوماشێکی کەشمیریی ئاوریشمین
خۆم خستە بەر دەستی شۆخە نامرادەکان
کەچی لە سەد لاوە مقەستیان لێ خستمە کار و...
لەت و پەت منیان بڕی...
نا... دەستم لێ مەدەن
من پیرەپیاوێکی پەککەوتەم
لە داهۆڵێکی فەرامۆشکراو لە کێڵگەیەکدا
ڕووت و ڕەجاڵ و... بێ بەرگترم
من هەلاهەلا و... پرزۆڵ پرۆزڵم
تەنها داوێک لەم سیپاڵەی بەرم ڕابکێشن
هەزارویەک پینەم لێ دەکەوێتەوە
ئەوسا دەمبینن: پیاوێکی ڕووت
ڕووتتر لە ڕووتی
وەک تەن ـ یێک لە «عەزاب»
دەدرەوشێتەوە!

١٩٩٧